# بۆچی پیاوێکی پیر؟

ژنەکە لـــە ڕارەوێکی فەرمانگەکە لەســـەر کورســـیەك بەکەساســـی دانیشتبوو، دیاربوو فەرمانبەرەکە پێی گوتبوو کە جارێ دابنیشێت تا خۆی بانگـــی دەکات، ئەویش وەك ئەوەی خووی پێوەگرتبێت لچێکی عەباکەی بە نیوەی دەموچاوییەوە گرتبوو، بۆ ئەوەی ئەو بەشـــەی دەموچاوی کە لێوەکان و لووت و لاڕوومەتێکی بوون دیار نەبن. بە ڕێکەوت لە تەنیشتەوە لەســـەر ئەو کورسییە درێژەی کە بۆ هاووڵاتییان دانرابوو لەسەری دانیشن، منیش چووم دابنیشم.

دوای چەند چرکەیەك وەك ئەوەی هەردووکمـــان حەزمان لـــە دواندنی یەکتر بێت، کەوتینە قســـە، ســـەرەتا ئەو گوتی: لە بەیانییەوە لێرەم هێشتا ئیشەکەشم تەواو نەبووە، نازانم کاری نـــاو فەرمانگەکان بـــۆ وا درەنگ ڕادەپەڕێنرێت و ئەو خەڵکە بۆ هێندە ئازار دەدەن. ئینجـــا درێژەی دایە و گوتی: هاتووم ناســـنامەکەم بگۆڕم و ناوی مێردەکەم لەسەر ناسنامەکەم ڕەش بکەمـــەوە و ناســـنامەیەکی تر



دەربێنم، ئینجا پرسی ئەی تۆ؟ منیش گوتم: کارێکی تایبەتیم هەیە و چاوەڕێی تەواوکردنیم، بەڵام بۆچی ناوی مێردەکەت ڕەش دەکەیەوە، خۆ تەڵاقی نەداویت؟ گوتی: با دەمێکە نزیکەی ساڵێك دەبێ، تەڵاقی داوم، ئەگەر حەزت لێی بێت بۆتی دەگێرمەوە. گوتم: زۆرم پێخۆشە کە بەسەرهاتەکەت بزانم. ئیتر ئەویش بەمشێوەیە دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی کرد و گوتی: گەنج بووم، تەمەنم (٢٣) ساڵێك دەبوو، لەسەر تاقەت و شەنگ و جوانی خۆم دابووم. باوکم مردبوو، من و دایکم و دوو سێ خوشك و دوو برا بووین، من کاروباری ماڵەوەم ڕادەپەڕاند، هەر لە جل شتن و کوڵ کردنەوە بگرە تا ماڵ پاککردنەوە و چێشت لێنان. ڕۆژێك غازمان نەمابوو، توانای کڕینی غازیشمان نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو کاتی گرانی بوو، ئێمەش بۆ هەموو شتێ هەر پرێمزمان بەکار دەهێنا، بۆ ئاو گەرم کردن، بۆ چێشت لێنان و بۆ زۆر شتی تر. ڕۆژێك ویستم پرێمزەکە هەڵکەم، پەمێکی زۆرم لێدا هەڵنەبوو، نەوت فیچەقەی دەکرد و شقارتەم لێدەدا هەڵنەدەبوو، منیش هێندەی دیکە پەمپم لێدەدا و شقارتەکەم لێ نزیك دەکردەوە، لەپڕ هەر هێندەم زانی گڵپەیەکی کرد و هروژمی ئاگر بۆ دەمو چاو هات و لەبەر خۆکشاندنەوە پشتاوپشت بەربوومەوە. دەموچاوم هەمووی بووە دوکەڵ زانیم دەموچاوم سووتا، بەڵام جارێ خۆم نەدیتبوو، کە مەشخەڵە ئاگرەکە بۆم هات، منیش زیرەم لێهەڵسا، دایکم یەکسەر گەیشتە فریام. دەرودراوسێ کۆبوونەوە و یەکێ لە دراوسێیەکانمان ئۆتۆمبێلەکەی بە ئیش خست و خەڵکەکە بە پەلە منیان گەیاندە نەخۆشخانە و لەوێ داوای ئاوێنەیەکم کرد و ئەوجا ڕووخساری خۆم بینی و زانیم چیم لێقەوماوە و چۆن تووشی کارەسات هاتووم. پزیشکەکان لە نەخۆشخانە خەواندیانم و دەستیان بە چارەسەرکردنم کرد، نزیکەی مانگێك لە نەخۆشخانە مامەوە و پاشان کە دەریشچووم مانگێکی تر خەریکی تیمارکردنی برینەکانی دەموچاوم بووم. دەموچاوم زۆر نەسووتابوو، تەنیا لێوەکانم و سەری لووتم و لاروومەتێکم نەبێ. بەڵام ئەوەی کە ناشیرینی کردبووم لووت و لێوی سەرەوەم بوو. کە بەتەواوەتیش چاك بوومەوە، جوانییەکەی کوشتم، شەو وڕۆژ سەیری ئاوێنەم دەکرد و خەم و خەفەتم دەخوارد و دەگریام. پێش سووتانم هەفتە نەبوو خوازبێنیم نەیەت، بەڵام من دەمگوت جارێ مێرد ناکەم، دایکم بەجێ ناهێڵم. کە دووچاری سووتانیش هاتم، تەمەنم گەیشت بە (٣٢) ساڵی ئینجا توانیم مێرد بکەم. ئەویش دوای ئەوەی دایکم مرد و خوشکەکانم مێردیان کرد و دوو براکەشم ژنیان هێنا و ئەو خانووەی هەمان بوو، خوشك و براکانم هەموویان لە بەشە میراتی خۆیان خۆش بوون و دایانە من و خانووەکەیان بەناو کردم. یەکێك لە براکانم کە ژنی هێنابوو گوتی: ناهێڵم بەتەنیا بیت، تاوەکو بۆخۆت مێرد دەکەیت من لەگەڵت دادەنیشم و چاوم لێت دەبێت. ئەوجا بەڕاستیش وابوو، زۆر بە پەرۆش بوو بۆم و چاوی لێم بوو، تاوەکو پیاوێك کە تەمەنی (٥٢) ساڵێك دەبوو، ژنیشی هەبوو، بەڵام ژنەکەی منداڵی نەدەبوو، دەیویست ژنێك بێنێت، منداڵی ببێت، هاتە خوازبێنیم، من سەرەتا ڕازی نەبووم، بەڵام پاشان کەسوکار و ناسیاو گوتیان: بەخوا وا باشە بۆخۆت مێردێك بکەی و لە ماڵی مێردی خۆت بە قەدر و قیمەت بی و لە دەست تەنیایش ڕزگارت دەبێت، باشترە لەوەی وا بمێنیتەوە. هیچ نەبێ بۆخۆت منداڵێك دوانت دەبێ و پاشان بۆخۆت پێیان دەخافڵێی. براکەشم هەر وای دەگوت و پێی گوتم: ئەگەر حەزیشت کرد هەر لەو خانووە بمێنێیەوە، ئەوا من دەچمە دەرێ، ئەگەرنا ویستت لەگەڵت دادەنیشم، ئەگەر حەزیشت کرد بچیە لای مێردت و لەلای ئەو، لە خانووی ئەو جا ئەگەر خانووی بە کرێ بوو یان هی خۆی بوو، دابنشی هیچ ڕێگریت لێناکەم، ویستت خانووەکەت بە کرێ بدە و من خانوویەکی دیکە بە کرێ دەگرم،ویستت من لەناوی دەمێنمەوە هەتا تۆ پێتخۆش بێت. منیش گوتم: برام چۆن دڵم دێت بەتۆ بڵێم بڕۆ دەرەوە و بۆخۆت خانوو بگرە، بە هەرحاڵ ڕازی بووم لەسەر مێردکردنم بەو پیاوە. چونکە بەڕاستی منیش گەیشتبوومە قەناعەتێك کە ئیدی گەنجێك نایەتە داخوازیم کە من ئێستا وا لە سیم تێپەڕاندووە، ئەگەر لەو یەك دوو ساڵەش مێرد نەکەم ئیتر کەس نامخوازێ مەگەر کابرایەکی پیر نەبێت، بۆیە منش ڕازی بووم مێرد بەو پیاوە بکەم. کە مێردم کرد خانووەکەم بۆ براکەم بەجێهێشت. نزیکەی حەوت هەشت مانگ لەلای مێردم مامەوە سکم نەبوو، پیاوەکەم هەموو ڕۆژێ پرتەو بۆڵەی دەکرد، ژنەکەشی (هەوێیەکەم) دەیگوت: باشە تۆ خۆت لە ئاوێنەدا دیوە، ئەگەر جوان بای ئەو پیاوەش نەتیدەخواست، ئەوە لە نەزۆکیشت هەر گەڕێ، کابرا تەنگەتاوی منداڵ بوو، ژنەکەش واتە هەوێیەکەم وەك دوژمن لە بۆسەم دابوو، بیست و چوار سەعاتی خودای ئەوە ململانێی دەکردم و توانج و قسەی بریندارکەری پێدەگوتم، ئاخیرییەکەی مێردەکەم منی بردە لای پزیشکێك و ئەویش دوای پشکنین گوتی: پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێ، تا ئەو نەشتەرگەرییەشی بۆ نەکرێت هیچ ئومێدێکی نییە توانای سکپڕی هەبێ. کابرا بەتەواوەتی لێم ساردبۆوە، پاش ساڵێك و هەندێك گوتی: من تۆم ناوێت. تەڵاقی دام، براکەشم لە ڕقان پارێزەرێکی بۆ گرتم و ئەویش هەموو هەقەکانی بۆم وەرگرت. ناچار گەڕامەوە ناو خانووەکەم لای براکەم، پێکەوەین ئەو ژن ومنداڵی هەیە و منیش بە منداڵەکانی غافڵ بوویمە، براکەم و براژنەکەم لەگەڵم زۆر باشن، لە خوای بەزیاد بێ، منداڵەکانیش زۆر هۆگرن و بەردەوام لای منن، ئیتر سەبووریم بەوان دێت و جارێکی تر ببڕای ببڕ مێرد ناکەمەوە بۆیە لێرەشم هاتووم عەرز و حاڵێکم نووسیوە بەڵکو ناوی مێردەکەم لەسەر ناسنامەکەم ڕەش بکەمەوە و ناسنامەیەکی تازە دەربێنم.

**بە هەرحاڵ ڕازی بووم لەسەر مێردکردنم بەو پیاوە. چونکە بەڕاستی منیش گەیشتبوومە قەناعەتێک کە ئیدی گەنجێک نایەتە داخوازیم**

**مێردەکەم منی بردە لای پزیشکێک و ئەویش دوای پشکنین گوتی: پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێ، تا ئەو نەشتەرگەرییەشی بۆ نەکرێت هیچ ئومێدێکی نییە توانای سکپڕی هەبێ**

=پاشنیوەڕۆیەکی فێنك بوو، جەماعەت هەموو لە ژێر هەیوانی ماڵی (حەسەن) دانیشتبوون دابوویانە پێکەنین، (شێروان) بە پێکەنینەوە رووی دەمی لە( حەسەن) کرد و پێی گوت: کاکە دە بگێڕەوە بزانین لە دادگا چت بەسەرهات و بۆ کە لەپچەیان لە دەستی کردی و سواری ئۆتۆمبێلی پۆلیسیان کردی و ئەمجا دایانبەزاندییەوە و کەلەپچەیان لە دەستی کردییەوە، (حەسەن) تێر پێکەنی و لەبەر قاقای خۆی و جەماعەت پینەدەکرا قسە بکات، کە هێوەربوونەوە، ئەوجا دەستی بە گێڕانەوە کرد و گوتی: کاکە بە خۆتان دەزانن ئەوە ساڵێك زیاترە ژنی یەکەمم بەسەر منداڵەوە گیانی لە دەست دا و چووە بەر دلۆڤانی خودێ، ئێ بە خۆشتان دەزانن دوو منداڵی وردم هەنە و منداڵیش بەبێ دایك یا سەرپەشتیار، بە باوك بەخێو ناکرێت، بەخێوکردنی منداڵ ئیشی پیاوان نییە، کوڕە هەر لێشی نازانن، بە برای خۆم بڵێم بڕیارمدا ژنێکی دیکە بێنمەوە، ئەوەبوو خودا (سەبیحە)ی بە قسمەت کردم و لەلای مەلا بە شاهێدی خزم و ناسیاوان مارەم کرد و ناوی خوام لێهێناو دوای هەفتەیەك گواستمەوە، نێزیکەی پێنج شەش مانگی بەسەرداچوو ئەوجا چوومە دادگا گرێبەستی مارەبڕین دەربینم، کە چووم یەکسەر رەوانەی پۆلیسان کردم، لەوێ ئیفادەیان لێوەرگرتم، گوتم: ئەوە چییە، چما من چم کردییە بدرێمە پۆلیسان؟ گوتیان: چۆن؟ تاوانت کردیە و ژنی دووەمت هێنایە و لە دەرەوەی دادگاش مارە کردیە، ملم لەبەر ملیان نەنا، دەمزانی چم پێناکرێ گوتیان: شێلوو مەبە، چ لە گۆڕێ نییە، ئیشەکانت بۆ تەواو دەکەین، ئەوە شتی سەرپێین، رەوانەی دادگات دەکەین و لەوێش زۆر زۆر حکومەت بڕە پارەیەکت لێدەستێنێ و بەڕەڵلا دەکات .

ئیتر منیش مەسەلەکەم بە هەند وەنەگرت، دوای دوو مانگ و نیو، کە گرێبەستەکەم، ئامادەبوو، رۆژێك پۆلیسێك هات و گوتی: فلانە رۆژ دادگاییتە، رۆژی مەقسوود چووم، بانگیان کردم و دادوەر گوتی: ژنی یەکەمت هاتییە؟ گوتم نەخێر، ئینجا دەستکرا بە دادگاییکردن گوتم: بە قورئان خراپ پێوەبووم، ئەدی باشە پۆلیسەکان نەیانگوت هیچ نییە، ئەوپەڕی ئەگەر بڕە پارەیەکت لێبستێنن، کەچی وا لە پێش حاکمیان راگرتووم و وەڵڵاهی من بزانم حوکم دەدرێم، حاکمەکە لێی پرسیم، بۆچی ژنت بەبێ پرسی دادگا مارەکردییە؟ منیش سەیرم بە پرسیارەکە هات زۆر لە بە خۆ دڵنیابوونەوە گوتم: مەگەر ئیزنی دادگای بۆ چییە، خۆ من ژن بۆ خۆم دێنم، خۆ بۆ دادگای ناهێنم، دادوەر و ئەوانەی ئەوێندەرێش دایانە قاقای پێکەنین.



# لەسەر ژن هێنان دەستگیرکرا

ئەوجارە دادوەرەکە گوتی: کوڕم مەبەستم ئەوەیە بۆچی لە دەرەوەی دادگا ژنت مارە کرد و ئەو ماوە زۆرەشی بەسەرداچوو؟ ئەوجا هاتی، پاشان لەبەر ئەوەی ژنی یەکەمیشت ئامادەنییە، لەبەر هەندێ تۆ تۆمەتبار کراوی، نەمزانی چ وەڵامێکی دادوەر بدەمەوە، خۆم کڕ کرد و بزانم مەسەلەکە چی لێدێت.

ئەوەبوو نیوکاتژمێریان لەبەردەم دادوەر راگرتم پاشان بڕیاری دەرکرد بە بەندکردنم، بۆ ماوەی دوو مانگ، کە تەواو بوو دادوەر پێی گوتم: دادگا تۆمەتت ئاڕاستە دەکات لەبەر ئەوەی تاوانت کردییە و سەرپێچی یاسات کردووە، دادگا بڕیاری دوو مانگ بەندکردنیتی دا، واقم و ڕما، بردمیانە دەرەوە و (سەبیحە) ش لە پشتمەوە بە پۆلیسەکانی گوت: بۆ کوێی دەبەن؟گوتیان: بەندیخانەی گشتی، هەتا دوو مانگان لەوێ لێی پاڵ بداتەوە، کوڕە هیچی نەکردییە و کوڕە مەیبەن، سوودی نەبوو.

کەلەپچەیان لە دەستی کردم و سواری ئۆتۆمبێلی بەندییەکانیان کردم، گوتم بۆ کوێم دەبەن، گوتیان بۆ بەندیخانە، چ جێگەی تر هەیە، سواری ئۆتۆمبێل بووم و دانیشتم و رووم لە پۆلیسێك کرد و گوتم: بزانە ئەوە چ یاسایەکە، ژنت بمری و ژنێکی تر بێنیەوە، بتگرن و لە کونجی زیندانت بکەن، ئاخر کە پیاو ژنی بمرێ چۆن دەتوانێ ژنێکی تر نەهێنێتەوە، منداڵی چۆن پێ بەخێو دەکرێت، ئەفسەرەکە گوێی لەو قسانەم بوو، گوتی: تۆ ژنی یەکەمت مردووە؟ گوتم: بەڵێ گوتی: ئەی بۆ بە زیندانیکردن حوکم درایی: گوتم: ئەوجا ئەوە دادگا بزانێت، بیرێکی کردەوە گوتی: باشە : دادوەر زانی کە ژنی یەکەمت مردووە؟ گوتم: دادوەر بەمنی گوت ژنی یەکەمت هاتووە، گوتم نەخێر، ئەفسەرەکە یەکسەر تێگەیشت و گوتی: بەخوا کابرا خراپت لە حاکم گەیاندییە و تێکەوتووی بە پۆلیسەکانی گوت: بیهێننەوە خوارەوە، لەگەڵ خۆی بردمی بۆ لای دادوەر و یەکەمجار بە تەنیا چووە ژوورەوە و دیاربوو پێی گوتبوو کە ئەوە ژنی یەکەمی مردووە، دادوەر بانگی ژوورێی کردم و لێیپرسیم ژنی یەکەمت بۆچی نەهاتووە؟ گوتم: گەورەم ژنی یەکمم ماوەیەکە مردووە، دادوەریش گوتی: ماڵت نەشێوێ، ئەدی بۆ وات نەگوت: سەرت لە خۆت و لە کاری دادگاش شێواند، ئێ باشە نابێ بڵێی ژنی یەکەمم مردووە، ئەوجا سەر لە نوێ رایانگرتمەوە و حوکمەکەیان هەڵوەشاندەوە و دووبارە تێی هەڵچوونەوە و دادگایی کرامەوە، ئەو جارە بڕیاریدا شەش مانگان بەند بکرێم، بەڵام بەندکردنەکەم رابگیرێت، دادوەر رووی تێکردم و گوتی:( حەسەن) ئەوە لەسەر ئەو تاوانەی کە ئەنجامت داوە لە دەرەوەی دادگا ژنی دووەمت مارەکردووە شەش مانگم زیندانی کردی و حوکمەکەم راگرت، کە تەواوی کرد گوتی: بیبەنە دەرێ، منیش رووم لە ئەفسەرەکە کرد و گوتم: ئاخر کابرا چ خێرت گەیشتێ وات لێکردم، حوکمەکەم لە دوو مانگان بووە شەش مانگ، هیچ نەبێ دوو مانگەکە زوو دەڕۆیی، ئاخر شەش مانگ نیوە عومرێکە، بەخۆشە خۆش هێناومتەوە بەردەم دادگا و حوکمەکەت لێ زیاد کردم، خوا جەزای خێرت بداتەوە، کە حاکم و ئەفسەرەکە و جەماعەتی ناو دادگا گوێیان لەو قسانە بوو، زانیان لە وشەی (حوکمەکەم راگرت) نەگەیشتمە، دایانە قاقای پێکەنین و کەس خۆی پێنەدەگیرا، منیش وەك مەرەگێژان دەمم بەش ببۆوە و چاوم زەق واق و ڕما و تەماشایانم دەکرد و نەمدەزانی مەسەلەکە چییە، دادوەر، گوتی: مەترسە، ناتبەنە، بەندیخانە، دەستی ژنت بگرە و بڕۆوە ماڵێ، ئەفسەرەکە پیلی گرتم و لە دەرەوەی هۆڵی دادگا، بە پێکەنینەوە گوتی: کاکە خوا جەزای خێرم هەر دەداتەوە، لە دوو مانگ زیندانی کردن، وام کرد ئازاد بکرێی، دەبڕۆوە ماڵی خۆت، نیو کاتژمێری پێچوو هەتا لە مەسەلەکە گەیشتم، بەڕاستی خەریکبوو بە خۆمیش لەبەر پێکەنینان بمرم، ئەوەش بەسەرهاتی من بوو، وەڵڵاهی هەتا لە دادگا نەهاتمە دەرێ باوەڕم بە خۆم نەکرد.



**(گۆڤەند)**
**تۆزێک کابرای دەرمانسازی خەریک کرد و دەرمانەکەی دەست دایەو لێیدا و هەڵات**



ئەکادیمیست و میدیاکاری عەرەبی (مەرەح ئەلبوقاعی) بۆ گوڵان

# ژنان قوربانی هاوپەیمانییەتی نێوان ئایین و دەسەڵاتن

*(مەرح ئەلبوقاعی) نووسەر و میدیاکارە، ئەولە دونیای فراوانی شعرەوە لە دەرگای زمان و میدیا و لێکۆڵینەوەی داوە، (ئەلبوقاعی) لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بە چوار کۆمەڵە شیعر خۆی بە خوێنەرانی ناساندو لەبەرجوانی و ناسکی شیعرەکانی، رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی بەناوبانگ (رۆك بابلیسکۆ) بۆ هەر دوو زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی وەریگێڕان، ماوەیەك کاری لە زەماندا کاردووە خودان باکگراوند و سەلیقەیەکی بەهێزی زمانەوانییە، جگە لە عەرەبی فەرەنسی و ئینگلیزیش دەزانێت، کۆچکردنی ئەو خانمە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاڵی وەرچەرخان بوو لە ژیانی رۆشنبیری و ئیعلامی ئەودا، (ئەلبوقاعی) لەوێدا کاری لە گەڵ چەند ئاژانس و رۆژنامەیەکی بەناوبانگی جیهانیدا کرد، دیارترینیان رادیۆی (مۆنتی کارلۆ)ی نێودەوڵەتی و رۆژنامەی (القدس العربی) و گۆڤاری (های) ئەمەریکییە، جگە لە کاری میدیا خانمی (مەرەح) وەك وانەبێژی زمانی عەرەبی و ماددەی ئیسلامی هاوچەرخ لە زانکۆی بەناوبانگەکانی (میریلاند) و (جۆرج تاون)دا وانەبێژی کردووە، ساڵی پار رێکخراوی (کامبیس واتش) (combs wath)ی نێونەتەوەیی ناوی لەنێو لیستی باشترین ئەو مامۆستایانە ریزبەند کرد کە وانەی تایبەت لەبارەی رۆژهەڵاتی ناوین پێشکەش دەکەن، لەکاری رێکخراوەیشدا خانمی (ئەلبوقاعی) لەگەڵ چەندین رێکخراوی نێودەوڵەتی، دیاریترینیان سەنتەری (کیتۆ) بۆ توێژینەوەی ستراتیژی و دەزگا بەناوبانگەکەی (فایتل فویز)ی ئەمەریکی کە (هیلاری کلینتۆن) سەرکردایەتی دەکات، دوا پرۆژەی (ئەلبوقاعی) لەو بوارەدا دامەزراندنی دەزگای (وارف) بۆ لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی کە کار لەسەر پرسی دادوەری و باشترکردنی ئەدای دادگاکان و مافی مرۆڤ و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و سلمی ئەهلی دەکات، (بوقاعی) ئێستا لە واشنتۆن DC نیشتەجێیە، سەرقاڵی کتێبێکی ئینسکلۆپیدیاییە لەبارەی ژنە شاعیرەکانی جیهان، وەك خۆی دەڵێت" ئەو کتێبە پرۆژە و خەونی لەمێژینەی ژیانمە" هەفتەنامەی گوڵان لە دەرفەتێکدا خانمی (ئەلبوقاعی) هێنا دوان و پرسی بەشداری ژنانی لەکاری سیاسی و پەرلەمانیدا لەگەڵ تاوتوێکرد.*

**• هەندێك پێیان وایە گەیشتنی ژنان بە سەنتەری بڕیاردان یان نزیکیان لە پۆستە گرنگەکانی دەسەڵات رێگەی دووورودرێژی وەدەستهێنانی ئازادیان بۆ کورتتر دەکاتەوە، بەڵام گەر تەماشای حاڵی رۆژهەڵات بکەین دەبینین زۆرینەی دەسەڵاتداران، ژنان وەك دیکۆر بۆ ماکیاژ کردنی وێنەی سیاسی خۆیان بەکاردێنن، دیدگای ئێوە چییە لە هەمبەر ئەم واقیعە؟**

- منیش فزوڵی خۆم دەخەمە سەر فزوڵی تۆ و لەگەڵ ئێوە دەپرسم، ئایا پیاو لە سیستەمی سیاسی زۆرینەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناویندا جگە لە (سەرۆك) هەرچەند خودان پلەو مەقامی بەهێز بێ، خاوەن ئیرادە و بڕیاری خۆیەتی، ئایا ئەویش تەنیا ئەداتێك نییە بۆ پڕکردنەوە و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی لەلایەن (سەرۆك)ەوە دەردەچن؟ نابێ مژاری ئازادی بە یەك دیدگا تەماشا بکرێت، تەرحی ژێندەری بۆ چارەسەرکردنی ئازادی ژنان، تەرحێکی سەقەتە، چونکە گرفتەکە ئازادی تاکە بە هەردوو رەگەزەوە، نەك تەنیا ئازادی ژنان، پەرەپێدانی توانا کەسییەکانی تاك دوور لە رەچاوکردنی حاڵەتی ژێندەری لە سایەی یاسایەك کە بە روونی ماف و ئەرکەکانی تاك دەستنیشان بکات، مایەی هێنانە کایەی ئازادی راستەقینەیە.

راستە لە کۆمەڵگە رژهەڵاتییەکاندا ئەرك و واجباتی ژنان دوو هێندەی پیاوانە، ئەوان هەر تەنیا بەڕێوەبردنی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵیان لە ئەستۆدا نییە، بەڵکو لە هەندێ شوێندا دەبێ پاڵپشتی لایەنی ئابووری مێردەکانیان بکەن و بەشداربن لە دەستەبەرکردنی داهاتی خێزان، بەڵام خۆ ئەوە تەنها ژنانی رۆژهەڵات نین رووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە، تۆ وەرە تەماشای حاڵی ئافرەتی رۆژئاوا بکە دەبینی چانسی ئەوانیش لە هاورەگەزەکانیان لە رۆژهەلات باشتر نییە، لە شانۆی سیاسی رۆژئاوادا هێڵەکانی جیاکاری رەگەزی روون و دیارن، نزیکترین نموونەی قوربانیانی ئەو جۆرە جیاکارییەش هەریەك لە (سیگۆلین روایاڵی ) کاندیدی پێشووی سەرۆکایەتی کۆماری فەرەنسا و هەردوو کاندیدەکەی پێشووی سەرۆکایەتی ئەمەریکا (سارە بیلین و هیلاری کلینتۆن)ن کاتێك هزری نێرینەی رۆژئاوا رێگر بوو لە گەیشتنیان بە پۆستی سەرۆکایەتی. ئەمڕۆ کە ئەمەریکا بە باوکی دیموکراسییەت و داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ هەژمار دەکرێ، چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی نزیکی ئەو وڵاتە ئەوەمان پێدەڵێ کە تا ساڵی ١٩٢٠ ژنانی ئەوێ مافی دەنگدانیان نەبوو، هەروەها تا سەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوو ئافرەتانی ئەمەریکا بۆیان نەبوو بگەنە پۆستە سیاسییە سیادییەکان!! ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ ئافرەتانی ئەمەریکا نەیانتوانیوە تەواو خۆیان لە باڵادەستی هێزی جیاکاری قوتار بکەن، بەتایبەت لەو بوارانەی کە تا ئێستا پیاوان بە ماڵی تەنیای خۆیانی دەزانن و مۆنۆپۆلیان کردووە، لەوانەیە لات سەیر بێ کە بڵێم جیاکارییەکی گەورە بەتایبەت لە کەرتی هونەریدا لە نێوان موچەی پیاوان و ئافرەتان هەیە، ئایا دەزانی موچەی بەڕێوەبەرە جێبەجێکارە ئافرەتەکان بە رێژەی ٤٠٪ لەهاوتا پیاوەکانیان کەمترە!! بە گەڕانەوە بۆ پرسی ژنانی رۆژهەڵات بەتایبەت و ئافرەتانی جیهانی ئیسلامی بەگشتی دەڵێم، کاری خێرا ئازادکردنی مرۆڤە، ئازادکردنی چەمکی هاووڵاتیبوونە بەشێوەیەك مانای ئەرك و ماف بۆ هەموو لایەك بە یەکسانی بێ جیاوازی ئیتنی و مەزهەبی و رەگەزی و کەلتووری بەرجەستە بکات.

**• لەگەڵ ئەوەی بەشداری ژنانی کوردستان لە کاری سیاسی و تەنزیمیدا بەشدارییەکی لاوازە و نەیانتوانیوە بگەنە پۆستی سەرۆك یان ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکان، کەچی لەپەرلەماندا بەرێژەیەکی زۆر بەرچاو دەکەون و ٣٣٪ کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان پێك دێنن، لێرەوە دەپرسم ئایا لاوازی پشکداری ژنان لە سیاسەت و حوکمڕانیدا دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دیموکراسییەت یان لاوازی ئیرادە و توانای ئەوان؟**

- ئاریشە و کۆسپی سەرەکی بەردەم پێشکەوتنی ژنان لەبواری کارکردندا



**چەند پرسی دیموکراسییەت لە پاشەکشێ دابێ، دوو ئەوەندە جیاکاری ڕەگەزی قوڵتر دبەێ و چانسی کار و خۆ کاندیدکردنی ژنان تەسکتر دەبێتەوە**

(ژنان) خۆیانن، حەز دەکەم ئەوە بە درێژی شیبکەمەوە، گەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی بەر لە دوا هەڵبژاردنی وڵاتی کوێت بە نموونە وەربگرین، دەبینین خودی ئافرەتان خۆیان ڕێگربوون لە گەیشتنی هاورەگەزەکانیان بۆ پەرلەمان، چونکە زۆرینەی ژنانی کوێت دەنگیان بۆ کاندیدە ئافرەتەکان نەدا، بەڵام خۆشبەختانە لەو هەڵبژاردنەی دواییدا توانـدرا قەرەبووی دۆڕانەکەی پێشوو بکرێتەوە و بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەو وڵاتە (٤) ئافرەت بگەنە پەرلەمان، زۆر جرا کە بیر لە و حاڵەتە دەکەمەوە دەستەوەستان دەوستم نازانم چۆن شرۆڤەی ئەو دیاردە دەروونییە کۆمەڵایەتییە بکەم، دیاردەیەك کە گرێیەکی دەروونی ئاڵۆزە و گرێدراوی ترس و چکۆسی و ڕکابەرییە و دەرەنجامی ئەو ژینگە باتریاکییەیە کە کەلتووری ترس و خۆبەکەمزانین لە ناخی ئافرەتانی چاندووە، لە جیهانێکدا کە پیاوان خۆیان دارێژەری پۆلینی فزیۆلۆژی و یاسای مەدەنی و ئیجتیهاد بن، بێگومان ونبوونی ژنان لە کایەکانی ژیان و هێڵی داهێناندا دەرەنجامێکی سروشتی ئەو یاسا داندراوە دەبێ، تاکە بژار لەبەردەم ژناندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو واقیعە چەسپاندنی، کەینونە و زاتی خۆیانە، بێگومان بارودۆخی سیاسی ئامادەگی بەرچاوی لە پرسی ژناندا هەیە، چەند مەسەلەی دیموکراسییەت لە پاشەکشێ دابێ ئەوا ئەوەندە پرسی جیاکاری قوڵتر دەبێتەوە، واری کار و چانسی خۆکاندیدکردن و دەرخستنی تواناکان تەسکتر دەبن، لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا بزڤی سیاسی و مەدەنی جۆراوجۆر هەن ئەرکیان بەگەڕخستنی تواناکانی ئافرەت و ڕێگە خۆشکردنە بۆ پشکداریکردنیان لە پەرەپێدانی ئابووری و کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بازرگانیدا. ناشبێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە سەقامگیری باری سیاسی لە ژینگەیەکی دیموکراسیدا دەستەبەری یەکسانی و بەشداربوون دەکات و گرنگی ئازادییەکان واقیعیتر دەخاتەڕوو.

**• لە کوردستاندا تێبینی ئەوە دەکرێ ژنان لە پرۆسەی سیاسی و بڕیارە کۆمەڵایەتییە چارەنووسسازەکاندا پاشکۆ و سێبەری پیاوانن، ئەو ئیرادە و هێزەیان نییە خۆیان بڕیاردەربن، چی بکەین تاهێز و ئیرادەی دزراوی ئافرەتان بگەڕێنینەوە؟**

- با سەرەتا لە گۆڕینی زهنییەتی پیاوانەوە دەست پێبکەین، ئەوەیان فێربکەین ژنان تەنیا جەستەیەك نین بۆ تێرکردنی غەریزەکانی پیاوان، بەڵکو ئەوان کوتلەیەکین لە هێز و عەقڵ، ئافرەتان هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە ئەوانیش کارەکتەرێکی سەربەخۆن، دەتوانن خۆیان بڕیاردەر بن و دوارۆژی خۆیان بنەخشێنن، ژنانی ئەمڕۆ خوێندەوار و تێگەیشتوون، ئەوان هەر تەنیا ماڵ و منداڵیان لە ئەستۆ نییە بەڵکە بەشدارن لە بەهێزکردنی داهاتی وڵات و دروستکردنی پیاوانی کار و دەسەڵات، لە مێژووی سەدەی بیست و یەکەمدا چیتر مومکین نییە ژنان مامەڵەی تاکی پلەدوویان لەگەڵ بکرێ، تاکێك وەك موڵك و پەراسوی پیاوەکەی حیساب بکرێ، ڕێگەی کارکردن و سەفەرکردنی لێبگیرێ،




ئەمڕۆ ئافرەتێکی کارکەر و خاوەن داهات بێ وجودی پیاوانیش دەتوانێ خۆی و منداڵەکانی پەروەردە بکا و پێبگەیەنێ، ژنان بەکردار سەلماندوویانە لە پیاوان بچوکتر و بێ دەسەڵاتتر نین، گرفتەکە لە دانپیانانی پیاوانە بەو راستییە، لێرەوە پرسی گۆڕانکاری کەلتووری و پەروەردەیی وەك زەروورەتێکی مێژوویی خۆی قوت دەکاتەوە، زەرورەتێك داوای گۆڕینی ترادسیۆنە بەسەرچووەکانی کۆمەڵ و هزری نێرینە و تاکرەوانەی پیاوان دەکات، تۆ وەرە سەیری ئەو واقیعە خەمبارە پێکەنیناوییەی رۆژهەڵات بکە، ژنان رێژەی ٦٠٪ی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان پێك دێنن کەچی حیسابی کەمینەیان بۆ دەکرێت و وەك ئەوان دەچەوسێندرێنەوە، کەواتە وەك گوتمان پێویستمان بە گۆڕینی زهینییەتی پیاوانە، یەکەمجار هەڵگرتنی ئەو رووپۆشە رەشەیە کە دیدگای پیاوانی تارێك کردووە، ئینجا هەڵگرتنی ویسایە و باڵادەستییە لەسەریان.

**• لەپەرلەمان و نێوەندی رۆشنبیری کوردستاندا پیاوانێک پاڵپشتی لە داوا و مافەکانی ژنان دەکەن، لەهەوڵی دەرکردنی ئەو بڕیار و رێکارانەدان کە خزمەت بە پرسی ژنان دەکات، رۆڵی پیاوان و رێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان چۆن دەنرخێنی؟ ئایا ئافرەتان بێ پشتگیری پیاوانی دەستەبژێر دەتوانن بگەنە ئامانجەکانیان؟**

- لەگەڵ ئەوەی خۆم کار لە چەندین رێکخراوی نێونەتەوەیی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان دەکەم، بەڵام هیچ کات باوەڕم بە کاری داخراو و یەك رەگەزی نییە، دوورەپەرێزی و جیاکردنەوە سوودێك نابەخشێ، مێژووی مرۆڤایەتی لەسەر دەستی یەك رەگەز (پیاو یان ئافرەت) نانووسرێتەوە، ژنان لە هەموو کەسێك زیاتر پێویستیان بە هەماهەنگی و کرانەوە بەرووی پیاواندا، هەر لەو گۆشە نیگایەوە دەڵێم نێرومێ وەك دوو تای یەك تەرزاوو وان یان وەك دوو رووی یەك دراون، بە هەردووکیان هاوسەنگی و باڵانسی کۆمەڵ رادەگرن، من دەمێکە چاودێری کار و بزاڤی ژنانی کوردستان دەکەم، بەراستی هەوڵی ئەوان لە واری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا مایەی ئیعجاب و دەستخۆشییە، ئەوان توانیویانە رۆڵێکی کارایان لەسەر شانۆی سیاسی و مەدەنی هەرێمەکەیان هەبێ، توانیان ئاستی نوێنەرایەتیان لە پەرلەمان بۆ ٢٥٪ بەرز بکەنەوە و (٣) وەزیریشیان لە کابینەکەی پێشووی حکومەتی هەرێم هەبێ، ماوەیەك پێش ئێستا پەیمانگای (وارف) بۆ لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی لە واشنتۆن کە من دامەزرێنەریم لەگەڵ خانمە پەرلەمانتاری کوردستان (سۆزان شەهاب)میتینگێکی ئەنجامدا، ئەو خانمە زۆر بە جوانی و وردی باسی لە رەوشی ژنانی کوردستان و پێشکەوتنەکانی کرد، لەبیرمە گوتی:" هەر هەنگاوێك بە ئاراستەی باشکردنی واقیعی ژیانی ژنانی رۆژهەلات و بەهێزکردنی پێگەیان لە کۆمەڵدا کارێکی مرۆڤانەی بەرزە و گوزارشت لە گۆڕینی واقیعێك دەکات لە رێگەی کاری جدی و دیراسەکراو دورو لە توندوتیژی و هەڵچوون" بە کورتی پێشکەوتنی ژیانی ژنانی کوردستان تایبەتمەندی و جیاوازی لە ژنانی دیکەی رۆژهەڵاتی پێبەخشیون، سەبارەت بە رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییش پێموایە ئەوان دەتوانن بواری کۆمەڵگەی مەدەنی دەوڵەمەند بکەن و دەستی ئافرەتان لەکارکردندا کراوەتر بکەن، رێك وەك ئەو کارەی کە ئێمە لە (هاوبەندی خانمانی کار) دیکەین و من وەك راوێژکاری راگەیاندن کار دەکەم، لە رێگەی ئەو هاوبەندییەوە هەوڵ دەدەین حزور و رۆڵی ئافرەتانی خاوەن کار گەورەتر بکەین و هانی ئەو ژنانە بدەین کە خودان پارە و داهاتن خۆیان داهاتی خۆیان بخەنە کار و بە رۆڵی رابەرایەتی و سەرکردایەتیکردن هەڵسن، بێگومان ئەمەش رەنگدانەوەی باشی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی دەبێ و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو ژنانە پتەوتر دەکات.

**• رادەی پێشکەوتنی دیموکراسی بە ئاستی پێشکەوتنی دادپەروەری دەپێورێ، هەر حزب و بزاف و کیانێکی سیاسی بیەوێ رێك و دروست رابەرایەتی کۆمەڵ بکات دەبێ رەچاوی ئەو پێوانگە بکات، دەپرسم چۆن دەتوانین بە پەرەپێدانی سیاسیانەی یەکسانی و دادپەروەری بگەین؟**

- داد و یەکسانی تەنیا لە سایەی دەوڵەتی یاسادا بەرجەستە دەبێ، نهێنی سەرکەوتنی دەوڵەتە زلهێز و سەرکەوتووەکان لە زۆری ژمارەی دانیشتوان و رووبەری خاکەکەیاندا نییە بەڵکو لەوە دایە کە هەموو لایەك ملکەچی یاسان و کەس لە یاسا سەرووتر نییە، لەوێ دادگا دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و بێ لایەنە، هەموو لایەك لەبەردەم یاسادا یەکسانن، جیاوازی نییە لەنێوان عەرەب و ئەمەریکی و چینییەك، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بێ قوربانیدان

**ئیسلامی سیاسی زەرەرێکی گەورەی لە کەلتووری کۆمەڵگە ئیسلامییەکان داوە**

و خەبات ئەو پرەنسیپەی نەچەسپاندووە، ئەمەریکییەکان لەو رێگەیەدا، لە شەڕی سەروەری و سەربەخۆیدا لە بە رەنگاربوونەوەی رەگەزپەرستیدا، خوێن و قوربانێکی زۆریان دا، بەڵام توانیان بگەنە ئەو رۆژە و دیموکراسییەت و کرانەوەیان هێندە داچەقیو و گەورە بێ پیاوێکی رەش پێستی وەك سەرۆك (ئۆباما)، بگەیەننە کۆشکی سپی، کۆشکی سپیش دوو ئافرەتی بەرەچەڵك رۆژهەڵاتی وەك راوێژکار دابمەزرێنێ، ئەوانیش هەریەك لە (دالیا موجاهید) ی راوێژکاری سەرۆك ئۆباما کە (بەرەچەڵك میسرییە) و (هێرۆ مستەفا)ی بە رەچەڵك کوردییە کە ئێستا وەك راوێژکاری (جۆ بایدن)ی جێگری سەرۆکی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا کار دەکات.

*** هەندێ لە بزاڤ و نێوەندە داکۆکیکارەکانی مافی ژنان، ئازادی ژنان لە یەکسانیبوونیان بە پیاوان دەبینن، پێت وانییە پیاویش لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا بەشێوەیەك لە شێوەکان چەوساوەیە؟ ئایا پرسی ئازادی ئافرەتانی رۆژهەڵات پرسێکی شمولی گشتی نییە؟ پەیوەست نییە بە بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکە؟**

- ریفۆرمی سیاسی و ئابووری وابەستەیەکی ئۆرگانی بە دیموکراسییەتەوە هەیە، ئەمڕۆ دیموکراسییەت پرسێکی جیهانییە، سستەمە دیکتاتۆری و شمولییەکان هەر لە ئەمەریکای لاتینەوە تادەگاتە ئەفریکا و رۆژهەڵاتی ناوین هەوڵی جوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان دەدەن، دەیانەوێ بەرەو کرانەوە و قەتیسکردنی سستەمی شمولی برۆن، تەجرەبەی وڵاتانی پێشکەوتوو ئەوەمان پێدەڵێن هەر ریفۆرمێکی سیاسی سەرکەوتوو پێویستە بە ریفۆرمی ئابووری دەست پێبکات، واتە سەرەتا سەربەخۆیی ئابووری ئینجا سیاسی، وابزانم وڵاتێکی وەك مالیزیاش تەجرەبەیەکی نزیك و زیندووە، رۆژهەڵات بەهۆی نزیکی کەلتووریی و ئایینییەوە دەکرێ سوود لە مالیزیا وەربگرێ.

*** ئیرادە و هێزی ژنان لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا ئیرادەیەکی لاوازە، ئەگەر لەنێو خێزاندا کەمێك خاوەن قسەو هێز بن بەڵام لە دەرەوەدا ئەو ئیرادە و دەسەڵاتەیان نییە، پێت وانییە بەرجەستەکردنی دادی کۆمەڵایەتی هۆکارێك بێ بۆ کەمکردنەوەی دووراییەکانی نێوان نێرومێ، یان ئەوەتا مەسەلەکە لەوە گەورەترە و گرێدراوی کەلتووری تاك و کۆمەڵگەیە؟**

- من کرۆکی ئازادی تاك لە کەلتووری کۆمەڵگەدا دەبینم، وەك دەزانین زۆرینەی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوین کۆمەڵگەی ئیسلامین، ئیسلام کاکڵ یان هەوێنی سەرەکی پێکهاتەی رۆشنبیری ئەو کۆمەڵگایانەیە، ئایینی ئیسلام ئامادەگی تەواوی لە ژیانی تاك و جموجۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بازرگانی هەیە، بەڵام لە پاش جەنگی جیهانی دووەم لەگەڵ تەشەنەکردنی بیری مارکسیزم و ئایدیای لیبراڵ و سستەمی سەرمایەداریدا، فکری ئیسلامی لە رۆژهەڵات کەوتە ململانێ لەگەڵ بیری سۆشیال و سەرمایەداریدا، سەرەتا هزری مارکسی زۆر بەهێزەوە هات، ماوەیەك وەك مۆد و فریادرەس تەماشا دەکرا، بەدوای ئەودا ئایدیای لیبراڵ و سەرمایەداری کەوتە گۆڕەپانەکە، ئەو بارودۆخە نوێیە پرسی ئەوەی هێنا کایەوە ئایا ئیسلام وەك ئایینێك پێویستی بە ریفۆرم و خۆگونجاندن نییە لەگەڵ دونیای نوێ و گۆڕانکارییەکاندا؟ ئەم پرسیارە زێتر لە نێوەندی ئیسلامی سیاسیدا دەوروژێندرا، واتە ئەوانەی تەنزیرێکی سیاسیان بۆ ئیسلام هەبوو ریفۆرمیان وەك حەتمیەتێکی مێژوویی تەماشا دەکرد، فکری سیاسی نەیتوانی ئەو ریفۆرمە بکات، لێرەوە گرژی و ناکۆکییەکانی نێوان سێ کوچکەی رکابەرییەکە (ئیسلام- سیاسەت -کۆمەڵگە) توندتر بوو، ئەم باروزرووفە شوڕبۆوە بۆ نیو کایە جیاجیاکانی کۆمەڵ، هزری توند و رەتکەرەوە لە منداڵدانی ئیسلامی سیاسیدا لە دایك بوو، وەك دەبینین ئەمڕۆش شێوە و ئەشکالی خراپتری وەرگرتووە، دەبێ دان بەوە دابنێین کە ئیسلام وەك ئایینێك پڕە لە جوانی و ئایدیای مرۆڤانە بەڵام شرۆڤەی سیاسیانەی تێکستە ئیسلامییەکان، جیاکاری و دووفاقە دروستکردووە. عەقیدەی ئیسلامی سیاسی زەبرێکی توندی لە کۆمەڵگەو ئایینی ئیسلام داوە، هەربۆیەشە دەبینین ئەمڕۆ ئیسلام بەهۆکاری پاشکەوتنی تاك و سەقەت بوونی کەلتووری کۆمەڵگە تاوانبار دەکرێت، ئێمە پێویستیمان بە چارەسەرکردنی ئەو کەلتوورە هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانین کارەکتەری تاکی رۆژهەڵات راست بکەینەوە، بەداخەوە ئەمڕۆ بەهۆی هاوپەیمانییەتی ژێراوژێری دەسەڵاتدارانی رۆژهەڵات لەگەڵ بزاڤە ئیسلامییە سیاسیەکاندا، راستکردنەوەی ئەو حاڵ و کەلتوورە سەقەتە بۆتە شتێکی قورس و ئەستەم، هەریەکە و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا بەردەوامی بەو هاوپەیمانییەتییە دەدا، زەرەرمەندی سەرەکیش ژنانن، چونکە ئەوان بازنە هەرە لاوازەکەی کۆمەڵن بوونەتە قوربانی هاوپەیمانییەتی نێوانی ئایین و دەسەڵات.

*** لە رۆژئاوادا ژنان کارەکتەرێکی سەرەکی ژیانی ئابوورین، ئەوان خودان داهات و کاری خۆیانن، بەڕای ئێوە سەربەخۆیی ئابووری تاچەند خزمەتی پرسی ئازادی ژنان دەکات؟**

- سەربەخۆیی ئابووری داهات و پارە دەخاتە دەستی ژنان، کارکردن کیان و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئافرەت بەهێز دەکات، ئیرادەی بەرەنگاربوونەوەی پشێهات و ناخۆشییەکانیان پێدەبەخشێ، ئیسلام زۆر بە ئاشکرا ئەو مافەی بە ژنان داوە، نموونەی بازرگانە ژنەکان لە ئیسلامدا لە هەژمار نایەت، بەڵام ئەوەی پێویستە رەچاو بکرێ بەتایبەت لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا ئەوەیە کە نابێ ژنان لە کاتی کارکردندا ببنە خۆراك و لەلایەن پیاوانی خاوەك کارەوە ئیستغلال بکرێن جا ئیستغلال کردنی جەستەیی بێ یان مادی، بۆیە ئەم لایەنەش پێویستی بە رێکار و چاودێری کردن هەیە.

تەرحی ژێندەری بۆ چارەسەرکردنی ئازادی ژنان، تەرحێکی سەقەتە، مێژووی مرۆڤایەتی بەدەستی یەک رەگەز نانووسرێتەوە